# چۆن لە دیموکراتیەت ڕادەمینێین



* مەهدی کاوانی *

دیموکراتیەت وشەیەکی یۆنانیەلە دوو وشە پێک هاتووە مانای فەرمانڕەوایەیی گەل دەگەیەنێ،واتە هەلبژاردنی ئەو جۆرە یاسایانەکە پەیوەست بە بەرژەوەنی خۆیەتی.دیموکراسایەت چەندەها مانای لە یەک جیاوازی هەیە،وەک دیموکراسی سیاسی یانی هاوولاتیان ئەو سەربەستیەیان وەچەنگ کەوتووە کە چۆن نوێنەرەکانیان بە ڕێگای ئازادو نهێنی هەلدەبژێرن.ئەوە جگە لە دیموکراتیەتی کارکردن وپێک هێنانی حیزب وڕێکخراو ودەستەو تاقمی سیاسی وکۆمەلْیەتی و فەرهەنگی.

دیموکراتیەتی کۆمەڵایەتیش مانای دادوەری کۆمەڵایەتی دەگەیەنێ . واتە ڕێگای یەکسانی خۆش دەکات بۆ هەموو هاوڵاتیەکانی بۆ دۆزینەوەی هەر هەلێکی لە بار بۆ کارکردن.لە پاش جەنگی جیهانی یەکەم دیموکراتیەتی گەلی ودیموکراتیەتی شۆڕشگێڕیش وەک بنچینەیەک لە بنچینەکانی فەرمانڕەوایەتی هاتە کایەوە. بە تایبەتی بۆ ئەو وڵاتانەی کە ڕێگای سوسیالیستیان دەگرتە بەر.بە تێگەیشتنی ئەوان ،دیموکراتیەت دەبێ یەکسانی کۆمەڵایەتی دابین بکات،واتە گواستنەوەی هۆکانی بەرهەمهێنان

لە سەرمایەدارانەوەبۆ بندەستی خاوەندارێتی کۆمەڵایەتی.بەڵام لیبرالەکان بەم شێوەیە باس لە دیموکراتیەت دەکەن:

فرەحیزبی،چونکە ئەم فرە حیزبیەهەلی لەبار دەدات بۆ دیاری کردنی چەند بەرنامەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەگەر هەر نەبێت لە دیدی ئایدەلۆژیەتدا. بەجێ گەیاندنی ماف و سەربەستیە بنچینەییەکان وەک سەربەستی ڕا دەربڕین لە ڕۆژنامەگەری و کۆڕو کۆبوونەوە،سەربەستی هاتوچۆو بڵاوکردنەوەی

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

زانست و دەنگ و باس.هەموو ئەم شتانە دەگرێتەوەکە ڕای گشتی بەهۆیەوە بەهێزتر دەبێت و لە ڕێگایەوە دەتوانن خۆیان بە سەر ئەو ڕژێمەکە کار دەکات بچەسپێنن.

دیموکراتیەت بۆ سەردەمە هەرە کۆنەکانی مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە وەک سەردەمی ئەغریقیەکان ویۆنانیەکان ورۆمانیەکان.دەتوانم بڵێم ئەگەر دیموکراتیەت بە شکلێکی ئاسایی (بسیط)یش بووبێت دەگەڕێتەوە بۆ پەیدا بوونی چینەکان . هەر لەو سەردەمەوە تا ئێستا بەردەوام گۆڕانی بەسەردا هاتووە لە هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی گەشە کردنی مرۆڤایەتی شێوەیەکی تایبەت بەو قۆناغەی وەرگرتووە.دیسان دیموکراتیەت وەک قۆناغێکی مرۆڤایەتیش باسی لێوە کراوە بۆ نمونە کارڵ مارکس قۆناغێکی مامناوەندی داناوە بۆ مرۆڤ کە پێی تێبپەڕێ لە کاتی گواستنەوەی لە سەرمایەداری بۆ سوسیالیستی ئەویش قۆناغی دیموکراتیەتە. ئەو ئەگەر چی موستەلزەماتی ئەو قۆناغەی ڕوون نەکردەوە ،بەڵام لینین ئەو موستەلزەماتەی بە وەلاوەنانی بەشێکی فراوانی سەرمایەداری دادەنا ئەویش بە ڕووتکردنەوەیان ،لە هۆکانی بەرهەمهێنان.

بە هەرەسهێنانی سیستەمی سوسیالیستی لە سەر ئاستی جیهان وا خەریکە دیموکراتیەتی شێوە لیبراڵ بە سەر بەشێکی فراوانی جیهان خۆی دەسەپێنێ ، بەڵام دیسانیش بەو مانایە نیە کە ئەم شێوەیە ئەبەدی بێت و نەگۆڕێت .مادام مرۆڤایەتی پاش نەمانی شەڕی سارد پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە ،هەلبەتە لە دوا جاردا شێوە دیموکراتیەتێکی گونجاو بۆ ئەو سەردەمە نوێیە بە خۆوە دەگرێ .ئەوەی لێرە گرنگە تەرجومە کردنی دیموکراتیەتە بۆ پراکتیز بە مەزندەی من دیموکراتیەت هەر تەنیا ئازادی ڕۆژنامەگەری وسەربەستی ڕێکخراوبوون و ڕەخنە گرتن لە دەسەڵاتداریێتی ......تاد ناگرێتەوە ئەم دیاردانە

ئەگەر لە دوا جاردا لە پێداویستیە گرنگەکانی کۆمەڵ بە تایبەتی کەرستەکانی ژیان پێچەوانە نەبێتەوە ، ئەوا شتێکی بێ ناوەرۆکی لێ بەرجەستە دەبێت . چونکە خەلک بە هەوا ناژیت ، پێویستی بە نان و خۆراک و پێداویستیەکانی تری ژیان هەیە .ئەگەر ئێمە لە گەڵ ئەو مەسەلەیەشدا بین کە دیموکراتیەت چەوسانەوەو زوڵم و زۆرداری لە ناو نابات ، بەڵام بە برسی بوونی خەلکیش دیموکراتیەت هیچ مانایەک ناگەیەنێ . ئێمە کە تەرجومەی دیموکراتیەت بۆ پڕاکتیک دەکەین ،دەبێ دیاردە دیموکراتیەکان لە گەڵ مەسەلە ئابووریەکان کۆک بن ،یانی دەبێ بەرەوپێشەوە چوونی دیمەکراتیەت و گەشەکردنی ئابووری بە هاوتای لە یەک نزیک بەڕێوە برۆن . لە وڵاتێکی وەک ئێمە مانان بە گەشەکردنی

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

ئابووری لەهەموو ڕویێکەوە گرنگترین ڕێگایە بۆ بەرەو پێشەوە چوونی پرۆسیسی دیموکراتی . ئەو گەشە کردنی ئابووریەش لە دژی بەرژەوەندی هیچ لە چینەکانی کۆمەڵ دا ناکەویتەوە بە تایبەتی ئەو چێن و تویێژە کۆمەڵایەتیانەی کە ڕۆڵیان ماوە لە بەرەو پێشەوە چوونی کۆمەڵ .چونکە لەو هەلومەرجە بابەتی و مێژوویی و قەوارەی بەرهەم لە وڵاتەکەمان ،نالەباری خەلک و دیاردەی برسێتی هەمووی لە چەوسانەوەو زوڵم و زۆرداری سەرمایەداران نەهاتۆتە کایەوە. ڕاستە تویێژێکی کۆمەڵ بە هۆی کەلک وەرگرتن لە دەسەڵات بە تایبەتی پاش ڕووخانی سەدام حوسێن ، توانیویانە زۆرترین سامان بۆ قازانجی خۆیان وەدەست بهێنن.

بەڵام بەشە هەرە زۆرەکەی ناڕێکی خەلک لە لاوازی بەرهەمهێنان پەیدا بووە . ئەو قسانە بەو مانایە نیە کە کەرستەکانی سەرمایە لە وڵاتی ئێمە لە ئارا دانیە بەلکو گیروگرفتی ئێمە زیاتر لە دانانی پلانی ڕێک و پێکە . بۆ وڵاتێکی لە بابەت ئێمەوە دەکرێ لە ڕێگای دانانی پلانی گەشەکردنی ئابووڕی و قەلاچۆکردنی پەیوەندیەکانی دەرەبەگایەتی و پێش دەرەبەگایەتی و وەلاوە نانی پەیوەندیە کۆن و نەزۆکەکانی بەرهەمهێنان،هەستانەوەیەکی باشی ئابووری وەدەست بهێنرێ .ئەوەش لەو کاتانەوە دەکرێت کە بەشی هەرە زۆری سەرمایەی نیشتمانی لەو بوارانە وەگەر بخرێت کە زۆرترین هەلی لە بار بۆ فراوانترین کۆمەڵانی خەلک دابین بکرێت ، بەمەشەوە ئامانجی هاوبەش وەدەست دەهێنرێت لە لایەکەوە لە مەینەتی برسیەتی و باری نالەباری خەلک و بێکاری تا ڕادەیەک ڕزگارمان دەبێت وە لە لایەکی تریشەوە بازاڕ بۆ پارەدارەکان مسۆگەر دەبێت بۆ ساغکردنەوەی کەل و پەلەکانیان و وەدەست هێنانی قازانج ، بەرەبەرەش بنکەی ئابووری لە وڵاتەکەمان بەهێز دەبێت .

دیسان ئەگەر بەراوردی سیستەمی دیموکراتی شێوە لیبڕالیٚ ڕۆژئاوا بکەین لە گەڵ وڵاتانی لە بابەت خۆمانەوە بە هەموو جۆرەکانیەوە هەتا ئەوانەی ناویان لە خۆیان ناوە کە ئێمە دیموکراتیەتی شێوە لیبڕال پیادە دەکەین، دەبینین جیاوازیەکی یەکجار زۆر هەیە لە نێوان ئەو دوو کۆمەڵەیەدا لە کۆمەڵی یەکەم هەموو پەیوەندیە زیان بەخشەکانی پرۆسیسی دیموکراتی و وەبەرهەمهێنان لە بابەت دەرەبەگایەتی وپێش دەرەبەگایەتی نزیکەی سەدەیەک دەبێت وەلاوە نراوە و لە سەرەکەی تریش دین بە تەواوەتی لە پرۆسیسی دیموکراتی دوور خراوەتەوە. بەڵام لە کۆمەڵی دووەم جۆرەها پەیوەندی و نەمەتی بەرهەمهێنان هەیە و دینیش بە فراوانی لە ناو پرۆسیسی دیموکراتیە.

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

دیاردەیەکی تری دیموکراتی لە ، عیراق ، لوبنان ،تورکیا کە ئەو وڵاتانە ڕاستە تەنویعی سیاسی، پەرلەمان ، هەلبژاردنی تا ڕادەیەک دیموکراتی بەڵام ئەو تەنویعە سیاسیە ئەوها نەکەوتۆتەوە کە پرۆسیسی دیموکراتی پێی بەرەو پێشەوە بچیت . دەبینین وێڕای ئەو تەنویعە سیاسیەو پەرلەمان و هەلبژاردن کەچی هەرسێ وڵاتیان کەوتوونەتە ناو قەیراناوی حوکم و لە ڕێگەیەوە دەیان دیاردەی نادیموکراتی وتوندو تیژی و تیرۆرو ... لێ کەوتوتەوە چونکە ئەو هێزانەی کە متمانەی هەوادارانیان دەست گیر دەکەن لە سەر چەندەها نێوەندی جیاوازو دژ بە یەک دابەش بووینە یان بە واتایەکی تر تەشکیلەی سیاسی و حوکم لەو وڵاتانە لەوپەڕی یەمینەوە تا ئەو پەڕی یەسار ، لەو پەڕی ئیسلامی توند ڕەو کە ئەگەر دەسەڵاتی بە تەواوەتی بکەوێتە بن دەست لە نمونەی ئێران و سۆدان و حکومەتی پێشتری تالیبان نزیک دەبێتەوە . بۆ ئەو پەڕی لیبراڵ کە دەیەوێت کت ومت لاسایی ڕۆژئاوا بکاتەوە . بە کورتی پرۆسیسی دیموکراتی و بە کردار کردنی لە وڵاتانی لە بابەت ئێمە تا بڵێیت پرۆسیسێکی ئالۆزە و چارەسەرکردنیشی ماوەی زەمەنی زۆری دەوێ .

دیسان هەر دین نیە یان ئیسلامی سیاسی بوبێتە کۆسپ لە بەردەم گەشەکردنی پرۆسیسی ددیموکراتی لەو ناوچانە بەلکو دەسەڵاتی حیزبایەتی، بەکارهێنانی سامانی وڵات بە قازانجی توێژی دەسەڵاتدار ، فەسادی ئیداری ، نەبوونی بەرنامەیەکی سیاسی و ئابووری کارامە کە بتواندرێت کاروباری وڵات لە مەموو ڕوویکەوە ڕێک بخرێ..... بەشی هەرەزۆری گەشەکردنی تەیاری دینی یان ئیسلامی سیاسی و نزیک بوونەوەیان یان گرتنە دەستی دەسەڵات بۆ ئەو ناڕێکیەی ئەو هێزانە دەگەڕێتەوە کە خۆیان بە کۆمەڵگای مەدەنی و عەولەمەو شتی لەو بابەتانە پێناسە دەکەن کەچی لە بواری کرداری ڕێکاو ڕێک پێچەوانەن .

2007/06/24

mahdikawani@yahoo.co.uk

created using BCL easyPDF Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image